# زمان و رێنوس و

# هەڵسەنگاندنێکی بابەتیانە

لوقمان رەئوف




**یەکەم:**

یەکێك لەبنەما هەرە سەرەکیەکانی ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی زمانە، قسەکردنیش لەسەر زمانی شیعری پێویستی بەوردبوونەوەیەکی جدی بۆ خودی زمان و میتای شیعرەکە هەیە، بۆیە زمان لەشیعری نوێدا (پێویستی بەخوێندنەوەو پۆلێنکردنی قۆناغەکانی نوێگەری شیعری هەیە لەپێناو دیاریکردنی ئەم میتا جیاجیانەی زماندا، هەر کاتێکیش کە ئەم پۆلێنە دەستنیشانکرا ئەو کاتە دەبێت زمانی شیعری هەریەکە لەم پۆلێنە دیاری بکرێ، بێگومان جیاوازی زمانیش لەهەریەك لەم پۆلێنکردنەدا هەیە، نەك هەر ئەمەش لەنێوان دوو شاعیر یان زیاتردا هەیە، وەك خۆی دەڵێ (بەکارهێنانی ئەو زمانە لەشاعیرێکەوە بۆ یەکێکی دی دەگۆڕێت، ئەمەش بەپلەی یەکەم بەندە بەئەزمونی ژیان و ژینگەو شوێنەوارەوە)، بەڵام سەیرە ئەزمونی ژینگەو شوێنەوار بۆ؟!! ئایا وشەی کوردی تر نییە لەبری دابنرێ، یاخود بەمەبەستێکی تر دابڕێژێرێت یان لەوشەی وەرگێڕدراوی دەچێت.

وتاری (زمان لەشیعری نوێدا) کە لەلایەن (ئەکرەم قەرەداغی)یەوە نوسراوەو لەگۆڤاری ئایندە ژمارە (65) بڵاوکراوەتەوە لەڕاستیدا لەنوسینی چەند وتارێك دەچێت کە بەیەکەوە لکێنرابێتەوە بۆ نمونە با سەیری پارچە جیاجیاکانی وتارەکە بکەین. نووسەر لەپەرەگرافێکدا دەڵێ (زمانی شیعری نوێ زمانی چامەیەکی شیعری پەروەردەیی، یان فێرکاری جیاوازە، نابێت راستەوخۆ بگاتە خوێنەر) ئایا لەشیعری نوێدا ئەم دوو جۆرە شیعرە نییە؟! ئایا زمانی شیعری نوێ دەبێ بەتەواوی جیاوازبێ، هەر لەبەرئەوەی بەپێویستی نازانێ راستەوخۆ شتەکان بگاتە خوێنەر، نەخێر وانییە، راستە ئەگەر راستەوخۆ بگاتە هەموو کەس ئەوە قسەی ئاساییە نەك شیعر، بەڵام بۆ هەموو ئەوانەی زمانی شیعری دەکەن، راستەوخۆ واتاکە وەردەگرێ، زۆرجار شاعیر لەگەڵ تاکداو بۆ یەك سات نادوێ تا رازی دڵی بکاتەوە، شاعیر بۆ کۆمەڵو بەردەوام دەدوێ بۆیە زمانێك بەکاردەهێنێت لەگەڵ هەموو ئەو تاكو سەردەمە جیاوازانە بێتەوە.

نووسەر باس لەوە دەکات، جیاوازی شارو لادێ کاریگەری لەسەر جیاوازی زمانی کەسەکە دروست دەکات وەك دەڵێ (زمانی شیعری گەلێك وشەی گوندیو چیایی لەخۆدەگرێت کە راستەوخۆ جیاوازیەکی زۆری لەگەڵ شاعیرێکدا هەیە کە سەرتاپای ژیانی لەناو شارە گەورەکاندا بەسەر بردووە) گەر وایە بۆچی ئەو جیاوازیە زۆرەی لەزمانی شیعری ئەم دووانەی دیاری نەکردووە، بەڵام ئەمە مەرج نییە، بەڵکو ئەو قۆناغەی کە زمانی شیعری دەیخوازێتو دەوڵەمەندی وشەدانی کەسەکە دەری دەبڕێت، جیاوازی لەزمانەکەدا دروست دەکات نەك شارو لادێ، ئەمە سەبارەت بەزمانی شیعری، قۆناغێکی شیعری، نەك قوتابخانەیەك.

بۆ نموونە ئەو شیعرەی کە گۆرانی ناسی پاش گەڕانەوەی لەشار بۆ لادێ دروستی کرد هەر ئەم گۆڕانەش بەرەو نوێگەریو ڕێبازی نوێی برد، کە تا ئێستا لەئەدەبی کوردیدا وەك پێویست قسەو باسی لەسەر نەکراوە. ئەو زمانو هزرەی شێرکۆ هەیەتی کلتورو دەرەوە دەوڵەمەندی کرد، ئەو شیعرانەی سالم لەشار نووسینی زۆر جیاوازن لەو شیعرانەی کە چوە دەرەوە، بۆیە ئەم پێوانەیە بۆ شاعیرێك دەبێت کە لەخاڵێکدا ماوەتەوە هەر لەشێخ نوریو پیرەمێرد-ەوە بگرە کە پەروەردەی شارن، بەڵام ئایا ئەم شارو لادێیە لەهەموو قۆناغەکاندا هەیە؟، بەدەر لەوەی باسمانکرد کە باس لەزمانی شیعریو باسکردن لەزمانی شیعری لەشیعری نوێدا بکرێت ناتوانرێت باس لەقۆناغەکانی شیعری نوێی کوردی لەڕووی زمانەوە نەکرێت لێرەوە دەتوانیت ئەم قۆناغانە بکەین بە:

**ا.پێش گۆران:** ئەو زمانو قۆناغە دەگرێتەوە کە بەر لەگۆران نووسراون، هەرچەندە ماوەیەکی کەم بەر لەگۆران زەمینەسازییەکی سەرەتایی بۆ گۆڕانی زمان دروست بوو.

**ب.سەردەمی گۆران:** ئەو قۆناغەیە کە تێیدا گۆران ئەو نوێگەریەی کە لە(عەبدولڕەحیمی هەکاری)یەوە دەستی پێکردووە، گۆران گەیاندیە لوتکەو کردیە بنەماو زمانێکی تایبەت بۆ شیعر، لەم پێناوەشدا زمانو بیروبۆچونێکی نوێو فۆرمی نوێ بەکارهێناوە، گۆران وەك نیما شیعری لەشێوە خوێندنەوەی ئاسۆییەوە کرد بەشێوەی ستونی، بەوەی کە یەکیەتێکی بەهێزی لەنێو چوار لای شیعردا دروستکردو بەهۆی ئەمەشەوە وێنەیەکی بەهێزی لەشیعردا بنیادنا.

**ج.گرووپی روانگە:** هەر لەدروستبوون‌و دامەزراندنی ئەم گرووپەو هەڵدانی چەتری نوێگەری لەگەڵ خۆشیدا زمانێکی جیاوازی وەك گوزارشکردن لەم زایڵەیە دروست کرد، بەمەش زمانی شیعری لەم قۆناغەدا پۆلێنێکی بۆ خۆی بنیادنا.

**د.سەدەی نوێ:** لەم سەرەتای سەدەیەشدا رێچکەو رێبازی جیا لەئەدەبدا سەریهەڵداوەو هەریەکێك لەم گۆڕانانە زمانی جیاو تایبەتی دەوێت.

لەهەموو ئەم قۆناغەدا زمان تایبەتمەندی خۆی هەیە یاخود شوناسی شیعری هەر یەکە لەم قۆناغانە پێویستی بەپێناسەو خاسیەت‌و تایبەتمەندی خۆی هەیە کە دەبوو نووسەر قسەی لەسەر بکردبا. بەگشتی لەقۆناغێکدا پشت بەوشەو سەنعەتی وشە دەبسترا، لەقۆناغێکی تردا پشت بەوێنە دەبەسترێ، لەیەکی دی پشت بەئیقاع‌و دەربڕین دەبەستێ (هێزی خوێندنەوە) کە هێزی راستەقینەی شیعرەکەیە بەهەرسێکیانەوە یەکیەتی زمانی تەواو دروست دەکەن، بەڵام نووسەر بەلای هیچ یەکێك لەم باسەدا نەك نەڕۆشتوە، بەڵکو سەرتاپای باسەکەی نموونەیەکی شیعری لەپێناو دەرخستنی ئەم زمانە نەهێناوەتەوە.

نائاسانی تێگەیشتن راستەوخۆ پەیوەندی بەدواکەوتنی خوێنەری شیعرەوە هەیە لەسەردەمی شیعر، شیعریش لەقۆناغی کلاسیکیدا زمانێکی دیاریکراوی هەبوو، ئێستاش زمانێکی تر، بەڵام زمان ئاڵۆز نییە، بەڵکو وشەکان هەڵگری چۆڕاوێکن کە بەکردنەوەیان فۆرمی وشەکان گیان بەبەر واتاکاندا دەکەن، ئەمەش بەهەموو خوێنەرێك ناکرێت، بۆیە دەبوو لێرەدا بەپێی پۆلێن قسەی لەسەر زمانی شیعری بکات نەك بەتەواوی هەموو رەگەزەکانی تێکەڵ بکات.




نوسەر دەڵێ: زمانی شیعر هەمیشە ویستویەتی نامەو مەبەستی شاعیر وەك خۆی بگەیەنێت، خوێنەرو خوێنەری لێئاشنا بکات‌و لەهەمانکاتیشدا ئەیەوێت ئەو نامەو مەبەستە لەقاڵبێکی ساردوسڕدا بگەیەنێت) چۆن دەتوانێ زمان شتەکان وەك خۆیان بگەیەنێت لەکاتێکدا زۆر لەشتەکان ناتوانرێ نەزمانی شیعری نە ئاخاوتن گوزارشیان لێ بکات.

لەپەرەگرافێکی تردا باس لەشاعیری رەسەن دەکات، ئایا ئەمە چ پەیوەندییەکی بەناوەرۆکی باسەکەوەیە، یاخود بەزمانی شیعرەوە هەیە، ئەی شاعیری ناڕەسەن زمانی شیعری نییە؟! کەچی لەگەڵیدا رووداوەکانی تێهەڵکێشکردووە، بۆیە پێموایە شاعیر نەیتوانیوە هەرچی هەیە لەچوارچێوەی زمانە کۆمەڵایەتیەکەشدا دەری بخات، وەك ئەم نموونەی گۆران کە هێناویەتیەوە کە دەڵێ:

ئەو خەیاڵەی کە پێی مەستم

بۆ ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم

لێرەشدا پرسیار لەوە دەکات کە گۆران نەیتوانیوە ئەو خەیاڵە دەربڕێت لەشیعردا، پێیوایە پەیوەندی بەهەستە جوانکاریە هونەریەکەوە هەیە، بەڵام ئەوە پەیوەندی بەهیچیانەوە نیە، بەڵکو ئەوە یەکێکە لەناتەواویەکانی (سلبیاتەکان) خودی زمانی شیعری کە هەموو کاتێك ناتوانێ ئەو شتەی کە دەیەوێت گوزارشی لێ بکەیت لەچوارچێوەی وشەدا جێگەی بێتەوە.

بۆ نموونە (دیجای) هونەرمەند دەڵێ: ئەو بیرەی لەمێشکمدایە بۆم ناکرێتە شیعر، مالارمێ وەڵامی دەداتەوەو دەڵێ: (دیجای هاوڕێم شیعر لەبیر دروست نابێت، بەڵکو دەربڕینو وێنەیە، چونکە بیر لەشیعردا مانایەکی راستەقینەی دەقەکە نییە کە دەیخوێنیتەوە.

نوسەر لەپەرەگرافێکی تردا دەڵێ (ئەگەر زمان لەنووسینێکی زانستی دا زمانی دیاریکردن بێت، ئەوا لەزمانی شیعردا زمانی ئیحاو زمانی ئاماژەیە، شاعیر هەر بەدۆزینەوەی مەبەستی نوێ بۆ وشەکان نەوەستاوە، بەڵکو پەنای بردۆتە بەر وشەی نوێش کە لەناخی رەسەنی زمانەکە خۆیدا هەیەو خوێنەر ئاشنایان نەبووە) بەس ئەم چەند دێڕ پێویستی بە چەندین نموونە هەیە کە دەبێت ئەمە بخاتەڕوو، ئەگەر ئەم دەقە بەڕەخنەیەکی بونیادگەریانە هەڵسەنگێنرێت، ئەوا زۆر لەپەیوەندیەکان دەشێوێنرێت.

لەپەرەگرافێکی تردا باس لەوێنەی شیعری دەکات کە شاعیر هانای بۆ دەبات، ئایا پەیوەندیو جیاوازی چییە لەنێوان وێنەی شیعریو زمانی شیعری‌دا، بۆ لێرەدا ئەم پەرەگرافەی تێکەڵ کردووە، یان بۆچی ناونیشانی بابەتەکەی نەکردووە بەزمان وێنە لەشیعری نوێدا.

لەبەشێکی تردا باس لەوە دەکات کە گەنجەکان تازە دێنە ناو جیهانی شیعرەوە تەمومژی بەکاردەهێنن بەبێ ئەوەی ئەزمونی شاعیریەتیان هەبێت، بەڵام مەرج نییە هەر ئەزموون هۆکاربێت بۆ سەلیقەی زمانی، زۆریشمان هەن کۆنو بەئەزموونو راستەوخۆ مەرگی خۆی بەشیعر راگەیاندوە، بۆیە تەمومژی لەشیعری نوێدا ون دەبێت، بەڵکو پرسیارکردنو وێڵبوون بەدوای ناوەرۆکدا بوونیەتی هەیە، واتە ئاراستە لەشیعردا جۆری شیعر دیاری دەکات نەك تەمومژی، گەر بەتەمومژی بێت شیعری رابردووش پڕە لەتەمومژی، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین چاولێکەری ناچێتە شیعری نوێوە ئەو شیعرانەی کە چاولێکەرن بەر لەدایکبوونیان مردون، ناشکرێ بەم شێوانە پۆلێن بکرێ، بەواتایەکی تر تەمومژی لای شاعیری لاساییکەر شتێکەو لای شاعیری بەئەزموون شتێکی دیکە، چونکە بەرلەوەی شاعیر بێت خوێنەری بابەتێکی جیاوازە، لێرەشدا مەبەستم لەئەزموون زەمەن نییە بەڵکو چیەتی شیعرەکەیەتی کە بۆ شیعری نوسیوە.

لەکۆتاییدا نوسەر دەڵێ (شاعیری نوێ ئازارەکان، خەمەکان، گرفتەکان..تاد)

ئەمە دیسانەوە پەرەگرافێکە لەپێناو زیاتر بوونی نووسینەکەدا نووسراوە، چونکە باسی شاعیری نوێو کامێراکەی دەکات، نەك زمانە شیعریەکەی، کەواتە دەگەینە ئەوەی، نووسەر لەم وتارەدا تەنها زمانی شیعری وەك پەراوێزێك باسکردووەو کێشە گشتییەکانو خاسیەتەکانی شیعرو شاعیری زاڵکردووە بەسەر نووسینەکەیدا، ئەمەش بەتەواوی مەرگی دەقەکەی راگەیاندوە.

**دووەم:**




قسەکردن و نووسین لەسەر رێنوس بەگشتی و ئەلفبێی کوردی بەتایبەتی کارێکی هەروا ئاسان نییە، چونکە ئەمە چەندین سەدەو ساڵە کە کوردو نووسەری کورد سەرقاڵی ئەم مەسەلەیەو ئەوەندەی کراوە توانراوە بەشێوەیەکی گشتی و لەژێر کاریگەری جیاوازەکان هێڵێکی گشتی بۆ ئەم مەسەلەیە دیاری بکرێت، بەڵام کاری تەواوکاریکردن بۆ ئەم مەسەلەیە زۆر قورسترو گرانترە لەکاری یەکەم، چونکە لەم قۆناغەدا دیاریکردن و دۆزینەوەی بەدیل بۆ ئەو پیت و وێنانەی کە هی کوردی نین کارێکی زۆر سانایە، بۆیە گەر بکرێت سەرەتایەك بۆ دیاریکردنی لایەنە دروستەکە بکرێت گونجاوە، خۆ گەر نەتوانری و ئەزموون و پسپۆڕیەك لەم بوارەدا نەبێت، باشتروایە وەك خۆی بهێڵرێتەوە بۆ ئەوەی کێشەکەمان ئاڵۆزتر نەبێت، بەواتایەکی تر کێشەی ئەلفبێ و رێنوسی کوردی بەلاتینی تەنها بەنوسینی چەند لاپەڕەك کۆتایی نایەت، چونکە ئەو سەرچاوەی کە کورد ئەیەوێت ئەلفبێیکی گونجاوی لێدروست بکات خۆشی خاوەن کێشەیە بۆیە کێشەکە بۆ کورد دەبێت بەدوو ئەوەندە، گەر بەدروستی بەکارنەهێنرێت.

بابەتی (رێنوسی لاتینی کوردی و چەند سەرنجێك) کە لەلایەن (نەوشیروان فوئاد)ەوە نووسراوەو لەخودی گۆڤارەکەداو لەپێڕستەکەدا لەژێر ستونی چیرۆکدا نووسراوە، هەموو خاڵەکان بەگشتی ئەو خاڵانەن کە چەندین ساڵە کورد چەند بارەی دەکاتەوە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە نووسەر نەیتوانیوە خۆی لەو کێشانە بەدوور بگرێت یان بەدیلی بۆ بدۆزێتەوە، بۆیە وەك خۆی باسەکەی گواستوەتەوە بۆ ناو بابەتەکەی خۆی و زۆر جاریش هەڵەی زەقی کردووە، بۆیە ئەو هەڵانەی کە کراون ئایا هەڵەی تایپین یان نووسین، بەهەر لایەکدا بێت، بەلای رەخنەگرەوە هەر هەڵەن و شیاوی قسە لەسەرکردنن، هەرچەندە بارودۆخی رەخنە لەئاستێکی لاوازدایەو ئەمڕۆش کاتی ئەوە هاتووە دەق بەچاوی دروستەوە سەیری بکرێت.

**بۆ نموونە:**

1.لەخاڵی شەشەمدا باس لەوە دەکات گەر لەم کێشانەدا بگەڕێینەوە بۆ ئەلفبێی لاتینی، کێشەکان چارەسەر دەبن، لێرەدا کێشەکە لەگەڕانەوەدا نییە بۆ ئەلفبێی لاتینی، بەڵکو کێشەکە لەوەدایە کە نەتوانراوە جێگری لەسەر دەنگ و پیتەکە بکرێت، ئەگەر ئەمەش کرا کێشەکە هەر لەزمانەکەی خۆمانەوە چارەسەر دەکرێت، ئەگەر ئیرادەی ئەم کارەمان هەبێت.

بۆ نموونە لەخاڵی (7)دا باس لەکێشەی هەمزەکراوە، ئێمە دوو ڕای جوانمان هەیە لەسەر هەمزە، بەڵام کامیان جێگیرو راسترە ئەو کاتە دەگەینە ئەوەی کە خودی ئەلفبێی لاتینیش خاوەن کێشەو کەموکوڕیەو من خۆم پشتگیری راکەی مەسعود محەمەد دەکەم:

ا.مەسعود محەمەد دەڵێ: (چۆن بیسەلمێنین کە مام (بارام)ێکی بەر لەوەندە هەزار ساڵ، بیری بۆ ئەوە رۆیشتووە کە هەمزە بخولقێنێ، هەر لەبەرئەوەی موستەحیلەکان بکات بەممکن)[1].

ب.د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف دەڵێ: (بەڕای ئێمە لەزمانی کوردیدا (ئ) فۆنێم نیە، بەڵکو دەنگێکی یاریدەدەرەو لەسەرەتای ئەو وشانەوە یان بڕگانەوە دێت کە بەبزوێن دەست پێدەکەن، بەکارهێنانی لەناوەڕاستو کۆتایی وشەدا ئەوە دەسەلمێنێت کە هەمزە فۆیم نەبێ‌و دەنگێکی یاریدەدەربێ، جا بەلای منەوە نوسینی لاتینی کە بایەخی بەدەنگی هەمزە نەداوە مەسەلەکە سەهوکردن نییە، بەڵکو ئەوەیە کە هەمزە دەنگەو فۆنیم نییە)[2] کەوایە بەلای د.ئەوڕەحمانی حاجی مارفیشەوە ئەلفبێی لاتینی خۆی خاوەن کێشەیە.

2.لەخاڵی یانزەدا دەڵێ زۆربەی دەنگی (ز، س) لەزاری هەورامی دا دەبن بە(ذ، ث):

وەك:

سەرما ـــــــ ثەرما

زارۆڵە ـــــــ ذارۆڵە

بەڕاستی نووسەر ئەوەندە کەوتوەتە هەڵەوە کە دەگەینە ئەوەی کە لەوانەیە نووسینەکەی لەخۆوەو لەڕێگەی گواستنەوەی وەك یەك باسی لەسەر شتێك کردبێت، چونکە وشەی (سەرما) وشەیەکی کرمانجی خواروو گەر وەك لاساییکەرەوەی کەسێکی هەورامی لەلایەن کەسێکی کرمانجی خوارووەوە بەکاربهێنرێت، ئەوا بەم شێوەیە فۆنیمەکە دەردەکەوێت، نەك کەسێکی هەورامی وا دەریببڕێت، چونکە هەورامی بە(سەرما) دەڵێن (سەردای)و (س) هەر بە(س) گۆدەگرێت. سەبارەت بەوشەی (زارۆڵە) دیسانەوە وەك ئەو نموونەی سەرەوە وایە، پیتەکانی (ذ، ث) بەهیچ شێوەیەك لەزاری هەورامیدا بەکار نایەن، هەرگیز وشەی (زارۆڵە) بەو شێوەیە نەك گۆناکرێت، بەڵکو ناشنوسرێت. لەباسی (دەنگو پیتو چەند نموونەیەك، هەندێك لەو پیتانەی بەهەڵە بەرامبەری لاتینی بۆ داناوە، بۆ نموونە:

پیتی (وو) ئەگەر وەك فۆنیمێك حسابی بکەین هەرگیز کۆنسۆنانت نیە، بەڵکو پیتی (و) کە پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە، دوولایەنەیەو دەبێت بەکۆنسۆنانتو بە(W) بنوسرێتو (وو)یش ڤاوڵەو بە(û)دەنوسرێت.

بۆ ئەم مەسەلەیە چەند نموونەیەکی هێناوەتەوەو ژمارەی بڕگەکانیشی دیاریکردووە، بەڵام زۆر لەو نموونە ژمارەی بڕگەکانی هەڵەن، وەك:

(ڕێی خوێندکار) بەم شێوەیە نووسراوە (R!e!y Xuwê!ndikar) زۆر هەڵەیەو دەبێت بەم شێوەیە بنووسرێت (Rêy Xiwendkar) یاخود وشەی (هەلومەرج) بەم شێوەیە راستە (heLumerc)، یان وشەی (ئەخوێند (2) بڕگەیەو بەم شێوە دەنووسرێن (Exwênd)، یان وشەی (محەمەد) بەم شێوەیە

(muhemed) گەورەترین هەڵە لەم نووسینەدا ئەوەیە کە وشەی (کورد)ی بەدوو بڕگە داناوە، لەمەش خراپتر پیتی بزرۆکە (i)ی لەنێوان پیتەکانی (ر)و (د)دا داناوە، کە بەهیچ شێوەیەك ئەم پیتە لەنێوان ئەم دوو پیتەدا بەکارنایەت، بۆ نموونە:

کورد ــــ Kurd

پرد ــــ Pird

بەڵام بەپێچەوانەوە دێت، واتە لەنێوان پیتەکانی (د)و (ر) بزرۆکە دەنووسرێت، وەك:

قادر ــــ Qadir

نادر ــــ nadir

چادر ــــ Cadier

لەوشەی (سوێر) بەبزوێنی دولانە نوسیوە، کەچی (و) بەیەك (و) نوسیوە، بەڵام لەلاتینیەکەدا (دوو) واوی تێدا نوسیوە وەك (suwẽr) کە ئەمەش زۆر هەڵەیە، وشەی (کورت)ی بەدوو بڕگە داناوە، ئەمەش دیسانەوە زۆر هەڵەیە، چونکە وشەی (کورت) یەك بڕگەیە بەتەنهاو بەو شێوەیە دەنوسرێت وەك (KURT) هەروەها بەهەمان هەڵە چەند نموونەیەکی (1) بڕگەیی بە(2) بڕگە داناوە وەك (ئارد، چەند، کورد، بەرد، نویێ، کەمپ).

لەباسی هەندێ هەڵە نامیلکەکەی مامۆستا (جەمال نەبەز)دا، خودی خوێنەری کتێبەکەش کەوتوەتە هەڵەوە، چونکە پاش دیاریکردنی هەڵەکان، چاککردنی وشەکانی نوسیوەو خۆشی لەم چاککردنەدا کەوتووەتە هەڵەوە، بۆ نموونە:

| راست | چاککردن | وشە | هەڵەکە |
|---|---|---|---|
| EXwẽnd | aXuwẽnid | ئەخوێند | AXuwend |
| هەڵەکە راسترە لەچاککراوەکە | Zerid baw | زەردباو | Zerd baw |

و (i) بزرۆکە لەنێوان پیتەکانی (ر)و (د) نایەتو دانانرێت.

وشەکانی تری وەك (راست، رەنگ، بانگ، مرد..) ئەوەی جەمال نەبەز راسترە وەك چاککراوەکان، بەمەش مەسەلەکەی بەحساب چاکردووە، بەڵام نەیزانیوە ئەوەندەی تر خراپو ئاڵۆزی کردووە.

لەکۆتایی دا دەگەینە ئەوەی ئەم خوێندنەوەیە لەبری ئەوەی کاتو کار بۆ خوێنەر ئاسانو کەمتر بکاتەوە، بەپێچەوانەوە ئاڵۆزترو زیاتر دەکات، بۆیە حەق وایە، بۆ ئەوەی باسە کێشئامێزەکان ئەوەندەی تر ئاڵۆزنەبن کەس، یان لیژنەی بوارە جیاجیاکان لەگۆڤارەکاندا هەبن، بۆ ئەوەی هەر کەسێك نەیێت، چەند دێڕێك بنوسێت، تاوەکو ببێتە باسێك بۆ ئاڵۆزترکردنی کێشەکان.

**پەراوێزەکان:**

1.کۆڕی زانیاری عیراق.. بەرگی(9) ساڵی 1982، ل150.

2.رۆشنبیری نوێ، ژمارە (90)، ل14.